خاوەنی ئۆتۆمبێلە مۆدیل کۆنەکان ناڕەزایی دەردەبڕن

پارێزگاری هەولێر لێژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی ئەم گرفتە پێکهێنا

لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگای دامودەزگا پەیوەندارەکانیەوە بڕیارێکی دەرکرد، سەبارەت بە ئۆتۆمبێلە تاکسییەکان کە مۆدیلیان لەخوار ١٩٩٠ یە بۆ ئەوەی لە ماوەی ٦ مانگدا بگۆڕدرێت بە ئۆتۆمبێلی تایبەت، واتا خسووسی بەمەرجێک ئەو ئۆتۆمبێلە توندوتۆڵ بێت، ئەگەرنا دەبێ هەڵبوەشێتەوە، دیارە لە هەردوو حاڵەتەکەشدا خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێ بیگۆڕێ بە ئۆتۆمبێلی تاکسی کوردستان، دەرکردنی ئەو بڕیارە لەو ئانوساتەدا ناڕەزاییەکی زۆری لەلایەن ئەو هاوولاتییانەوە لێکەوتەوە کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە، بۆیە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو ڕژانەسەر جادەو شەقامەکان و ڕێپێوانی ناڕەزاییان دەربڕی و دروشمی ئەوەیان بەرزکردوە کە چاوێک بەو بڕیارەدا بخشێننەوە، بەپێی ئەوەی توێژێکی یەکجار زۆری تێدا زەرەرمەند دەبێت.

لەنێو ئاپوورەی خۆپێشاندانەکەدا شوفێرێکی تاکسی بەدەم گلەیی و ناڕەزاییەوە دەیگوت: دەرکردنی ئەوبڕیارە زەرەو زیانێکی زۆر لە ئێمەی کاسبکار دەدات و ناچارمان دەکات کە پەنا بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی تاکسی کوردستان ببەین، ئەویش بۆ ئێمە دەری ناهێنێ، چونکە نرخەکەی گرانەو دەبێ لە پێشەکیدا یەک دەفتەر دۆلار بدەی و یەک دەفتەریشت لەسەر دەکەنە قەرز، دەبێ مانگانە ٨ وەرەقەو ٤٦ دۆلار بدەی، بۆیە من دەپرسم ئاخۆ چ شوفێری تاکسییەک دەتوانی مانگانە ئەو بڕە پارەیە لە شێوەی قست دابین بکات؟!

شوفێرێکی دیکەش هەمان گلەیی هەبوو کە ئەو بڕیارە باری سەرشانی وان یەکجار قورس دەکات و داواشی کرد تا زووە چاوێک بەبڕیارەکەدا بخشێننەوە، چونکە بەزەرەو زیانی ئێمە تەواو دەبێت. هەر لە نێو ئاپوورەی ڕێپێوانەکەدا شوفێرێکی دیکە گوتی ڕاستە ئەو ئۆتۆمبێلانە مۆدیلیان خەریکە بەسەردەچێ و بەشێکی زۆریان ژینگەی کوردستان پیس دەکەن و جادەو شەقامەکانیش جەنجاڵتر دەکەن، بەڵام من دەپرسم ئەی گوناهی ئێمە چییە زەرەرمان پێ بگات و هەریەکەمان خاوەنی ماڵ و خێزانین و ڕزقی ماڵەوەمان لەسەر ئەو کاسبیەیە، بۆیە کە حکومەت بڕیارێک دەردەکات، هەقوایە لایەنی هاوولاتیش لەبەرچاو بگرێت و تەنها بەیەک ڕوو سەیری مەسەلەکە نەکات...

ئەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی تابلۆی دەرەوەی هەرێمیان هەڵگرتووە

لەلایەکی دیکەوە بڕیاری ئەوەش دراوە کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، دەبێ بنێردرێنە دەرەوەی شارەکان، ئەمیش لەبەر پیس بوونی ژینگەو جەنجاڵی جادەو شەقامەکان، دیارە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەش ناڕەزایی و دڵگرانی خۆیان سەبارەت بەو بڕیارە دەردەبڕن و پێیان وایە دەبێ بەشێوەیەکی ورد دیراسەی ئەو بڕیارە بکرێ هەموو لایەنێکی لەبەرچاو بگیرێ بەشێوەیەک نەشیش بووستێ نە کەباب، چونکە ژمارەیەکی زۆریش ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەیان هەیە لەو بڕیارەدا زەرەرمەند دەبن، هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە شوفێرەکانی ئۆتۆمبیلی تابلۆی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێیان چاکە حکومەتی هەرێم هاوکاری و هەماهەنگیان بکات، چونکە دەرکردنی بڕیارێکی وا کتوپڕ لەو کاتوساتەشدا کاردانەوەی نێگەتیڤی خراپی

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٢ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

Kurdistan Region Government-Iraq
Ministry of Interior
Erbil Governorate

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ
هۆبە / ناوخۆ

ژمارە: ٨٧١٨

﴿ فەرمانی کارگێڕی ﴾

١. صەڤیەی ماف پەروەر / خالد عباس رشید / بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ / سەرۆکی لێژنە .
٢. ئەقیب / محمد عثمان ابراهیم / بەڕێوەبەری یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر / ئەندام .
٣. سعید حسن عبداللە / بەڕێوەبەری گواستنەوەی هەولێر / ئەندام .
٤. اسماعیل یونس اسماعیل / سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی هەولێر / ئەندام .

نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
٢٠٠٨/٨/

لێدەکەوێتەوەو هەموو ئەوانە دڵگران دەکات کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە.

بەرپرسان لەمبارەیەوە دەڵێن لە ڕۆژی (٩/١) ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت و ئیجرائاتی یاسایی وەردەگیرێت، لەلایەکی دیکەوەش ماوەی (٦) مانگیان بۆ بڕیارەکە داناوە.

سەبارەت بەو مەسەلە چارەنووسییە عەقیدی مافپەروەر (خالید عەباس رەشید) بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە دیوانی پارێزگای هەولێر گوتی: دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ژمارەیەک شوفێری زەرەرمەند لەو بڕیارە لە شاری هەولێر خۆپیشاندانییان کرد، بۆیە بەڕێز پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە بەسەرۆکایەتی من و ئەندامییەتی هەریەک لەبەڕێزان نەقیب (کەمەند عوسمان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێرو (سەعید حوسێن عەبدوڵڵا) بەڕێوەبەری گواستنەوەی هەولێرو ئیسماعیل سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی هەولێر پێکبێت، ئەوەبوو هەر هەمان ڕۆژ لیژنەکە لەدیوانی پارێزگا دەست بەکاربوو، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ دیراسەکردنی ئەو مەسەلەیە، هەروەها ڕۆژی (٨/٢٥) کۆبوونەوەی دووەمان ئەنجامداو کۆمەڵێک ڕێوچێمان بۆ ئەو مەسەلەیە داناو پێشکەشی جەنابی پارێزگاری هەولێرمان کرد، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بەرزی کردەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاوێک بە بڕیارەکە بخشێنێتەوە هەر لەبارەی چاوپێخشانی بڕیارەکەو قەرەبووکردنەی شوفێرە زەرەرمەندەکانی ئەم بڕیارە ، بەڕێزیان گوتی: ئێمە لە چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆین و بزانین ئەمان چیمان وەڵامدەدەنەوە، لەبارەی ڕاگرتنی ئەم بڕیارەش دیسانەوە هەمان وەڵامی سەرەوەم پێیەو جارێ نازانین بەرپرسانی سەرووی خۆمان چی بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، بەڵام ئومێد دەکەین وەڵامێکی مژدەبەخشمان دەستکەوێت بۆ ئەوەی کەس لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا زەرەرمەند نەبێت.

ڕاپۆرت: شێروان مەنتک
وێنە: فازڵ فەرامۆش

لێرەوە دەیڵێم

ئازاد هەینی

مانگی ڕەمەزان

وا مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هات، بەر لەهەموو شتێک هیوادارین مانگی خێرو بەرەکەت و پڕ کارەبا بێت، چونکە کارەبا لە خورماو ئاوەکەی بەربانگ زۆر گرنگترە، وایلێهاتووە، خەڵکی بەکارەبا ڕۆژوو بشکێنێ.. وەک عادەتی هەموو ساڵێ لەو مانگەدا نرخی کاڵای بازاڕ بەرزدەبێتەوە، کە دەبوایە بەپێچەوانەوە بوایە لە شارێکی موسڵماننیشیندا لەبەر حورمەتی ئەو مانگە بازاڕ هەرزانی بەخۆوە دیبا، نەک گرانیی، هەموو جارێ ئێمە حکومەت خەتابار دەکەین لەبەر گرانی یاخود هەر کێشەیەک، بەڵام بەڕاستی دوکاندارو بازرگانە چاوچنۆکەکان کە کێرڤی نرخەکانییان لەبەردەستدایە، ئەوان زۆر بێ ویژدانانە مامەڵە لەگەڵ نرخدا دەکەن.. نە قەساب، نەمیوەفرۆش و سەوزەفرۆش، نە شوفێری تەکسی، نەفیتەر، نە ..هتد، لەم مانگەدا ویژدانییان بەپاکی بەکارناهێنن و لەهەمووش سەیرتر زۆربەشییان ڕەنگە بەڕۆژوو بن!! فەرمانبەرانیش با لەو مانگەدا دان بە خۆیان دابگرن و هێندە بەتووڕەیی وەڵامی هاووڵاتییان نەدەنەوە، خاوەن ئۆتۆمبێلەکانیش هێندەبەخێرایی بۆ ڕۆژوو شکاندن شەقامەکان نەبڕن ، چونکە ساڵانە چەندین کارەساتمان بەر لە بانگی ئێوارە ببینیوە، مەلاکانیش با ڕۆڵی باشتر ببینن لەڕێنمایی کردن و وشیارکردنەوەی خەڵک لەکاروباری ڕۆژانەیاندا، با ئەوانیش مایکرۆی مزگەوتەکان هێندە بەرز نەکەنەوە، چونکە خەڵکی بەدرێژایی ڕۆژ لەو گەرماو کەمیی کارەباییە زۆر هیلاک دەبێ و پێویستی بەحەسانەوە هەیە، با دوای ڕۆژوو شکاندن نەخۆشخانەکانمان پڕ نەبن لە نەخۆشی خاوەن فشاری خوێن و شەکرە، با وردە وردە ژەمەکە بەڕێ بکەن، با بازرگانەکانیش هێندە خۆراکی بەسەرچوو بەسەر خوشک و برای موسڵمانی خۆیان ساغ نەکەنەوە، کە ئێستا بازاڕ پڕ بووە لەم جۆرە خۆراکە بەسەرچووانە.

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٣ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

کۆمەڵەی منداڵە توشبووەکان بەنەخۆشی شەکرە

ئەو دەزگایەی دەرزی ئەنسۆلین بۆ ١٠٣ منداڵ دابین دەکات

ئا: تریفە نانەکەلی

کۆمەڵەی منداڵە توشبووەکان بەنەخۆشی شەکرە یەکێکە لەو ێکخراوە خێرخوازو ناحکومییەی لەهەولێری پایتەختەو لە٢٠٠٦/٤/٣ مۆڵەتی فەرمی لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە لەلایەن باوک و دایکی ئەو منداڵانەی توشی نەخۆشی شەکرە بوون بەمەبەستی چاودێری و چارەسەرکردن و دابینکردنی ماددەی ئەنسۆلین بۆ یان و درێژەدان بەژیانیان دامەزراوە تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاری زۆری پێشکەشکردووەو لەبارەی ئەم کۆمەڵە.

خاتوو شەهلا حەمە کەریم دایکی یەکێک لەنەخۆشەکان و سەرپەرشتیاری وەرزشییە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردە گوتی:

بەمەبەستی دابین کردنی مادەی ئەنسۆلین بۆ منداڵان بەگشتی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی نەتەوەیی وئایین و رەگەز خۆمان دامەزراندوە بۆ ئەوەی گیانی منداڵان لەرەوشی خراپی تەندروستی و درێژەدان بەتەمەنیان دامەزراوین و کاردەکەین و ئەندامانمان تاوەکو ئێستا ١٠٣ ئەندامە. سەبارەت بەمنداڵانی شوێنەکانی دیکە خاتوو شەهلا گوتی: لەدهۆک و سلێمانی و کەرکوک و بەغدا ش هاوڵاتیان سەردانمان دەکەن

*** تاوەکو ئێستا چ کەس و لایەنێک هاوکاری پێشکەشکردوون؟**

- پارێزگای هەولێر بەرێز نەوزاد هادی بەشە مانگێکی ئەنسۆلینی بۆ دابینکردووین کە بەبڕی ٢٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دیناربوو، دەزگای خێر خوازی حاجی یەحیاش مانگانە ٣٠٠ دۆلار وەکو هاوکاری پێشکەش بەکۆمەڵەکەمان دەکات و د. رۆژ رەئووف مانگانە ٢٠٠٠٠٠ دینار هاوکاریمان دەکات .

*** لەڕووی تەندروستییەوەکێ هاوکارەو پشتیوانیتان لێدەکات ؟**

- دەتوانم بلێم تەنها خۆمان وەکو کۆمەڵ ود.عەباس عبدالقادر رەباتی وەکو پسپۆری منداڵان لەگەڵماندایەو کارێکی زۆردەکات لەپشکنین و دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشیە.

شەکرەی منداڵان بەماددەی ئەنسۆلین چارەسەردەکرێت کە لەلایەن پزیشکی منداڵان دەستنیشان دەکرێت شەکرەی گەوران لەلایەن پزیشکانی دڵ و هەناو دەستنیشان دەکرێت

*** چ جیاوازیەک لەنێوان شەکرەی منداڵان و شەکرەی گەوراندا هەیە ؟**

- شەکرەی منداڵان بەماددەی ئەنسۆلین چارەسەردەکرێت کە لەلایەن پزیشکی منداڵان دەستنیشان دەکرێت شەکرەی گەوران لەلایەن پزیشکانی دڵ و هەناو دەستنیشان دەکرێت بە(دەنک) چارەسەر دەکرێت.

*** مەرجی وەرگرتنی نەخۆش لە کۆمەڵەکەتان چییە ؟**

- نەخۆش لە١ رۆژ تاوەکو ٢٠ ساڵ وەردەگرین دوای ئەوەی راپۆرتی پزیشکی هەبێت یان پسوولەی وەرگرتنی بەشە دەرمانی نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت ئەگەر نا لەلایەن پزیشکی تایبەتی خۆمان بڕیاردەدرێت کە ئەم نەخۆشییەی هەیە یان نا.

*** شێوزای دابەشکردنی ئەم ئەنسۆلینەچۆنە ؟**

- ئەوانەی نەخۆشی ئێمەن هەموو ئامێرێکمان پێداون کە پێی دەڵێن (نۆڤۆبین٣)ئەوەشیان جۆرە قەڵەمێکە تایبەتە بەبەکارهێنان لەجیاتی دەرزی و دوای ئەوەی فێرمان کردوون لە خولێکدا ومانگانەش بەشە ئەنسۆلینیان پێ دەدەین کە لەو مانگە بەشی نەخۆش دەکات .

*** لایەنە پەیوەندارەکان و وەزارەتی تەندوستی چەندە بەدەنگتانەوەدێن؟**

- بەداخەوە وەکو پێویست نییەو هەوڵماندواوە، بەڵام وەڵامێکمان نەدرایەوەلەبەرئەوەی ئەوەی پێویستە لایەنە پێوەندارەکانی حکومەت بەهاوکاری ئەو منداڵانە هەڵسن و ئەرکی ئەوانە بەتایبەتی ناردنە دەرەوەی ئەم منداڵانەیە.

*** جگە لەو جۆرە چارەسەرە هیچ میکانیزمێکی نەهاتۆتە ئاراوە ؟**

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٤ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

- بەڵێ یەکێک لەنەخۆشەکانمان سەردانی دەرەوەی کوردستانی کرووە لەسە ئەر کی خۆی چارەسەریان کرد بە ئامێرێکی تازە کە مەرجە منداڵەکە بچێتە نەخۆشخانەکانی دەرەوەو ئامێرێکی لەسکی دەبەستن بۆ رێکخستنی رێژەی شەکرە لەجەستەیدا پێویست بەدەرمان نییە، چونکە ئەگەر نەبرێتەوە دەرەوەی وڵات ناکرێت، چونکە لەبازاردا نییەو بازرگانی پێوەناکرێ .

*** داواکاریتان چییە ؟**

- داوا دەکەین حکومەتی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی راستەوخۆ و هەماهەنگیمان بکەن.

*** پێتان وایە ئەم کارە پەیوەندی بە لایەنی دیکە هەیە ؟**

- بەڵێ پەیوەندی بەلێژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی

تەندرووستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردەوە هەیە لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کار بۆ منداڵان دەکەن .

*** جگە لە داوودەرمان چ چالاکییەکی دیکەتان هەیە ؟**

- بەڵێ خول و کۆر و سیمینار بۆ دایک و باوکی منداڵان و چالاکی خیوەتگای منداڵان و چالاکی وەرزشی ئەنجام دەدرێت لەگەڵ چالاکی هۆشیاری و تەندروستی .

*** لەگەڵ هیچ رێکخراو کۆمەڵەی دیکەدا پەیوەندیتان هەیە ؟**

- بەڵێ لەگەڵ فیدراسیۆنی خاوەن پێداویستە تایبەتییەکان ئەندامین کە (٧) رێکخراوەن بەیەکەوەکاردەکەین .

هاتنی کرێکارانی بیانی بۆ کوردستان و چەند سەرنجێک

هەڤال رەحمان*

لەم سێ ساڵەی دواییدا بەتایبەتی دوای هاتنی کۆمپانیاکانی بیانی و فراوانبوونی پرۆسەی ئاوادان کاری وپرۆژەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بواری کارکردن رەخساوە ئەوەش وای کرد ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی بیانی بەتایبەتی(تورکی و فلیپینی وهندی و پاکستانی) وکرێکاری چەندین وڵاتانی دیکە رووله کوردستان بکەن بەمەبەستی کارکردن.

وێڕای ئەوەی دیاردەی کارکردنی کرێکاری بیانی لە وڵاتان دیاردەیەکی باوە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە رەوشی ئابوریان باش نییە و داهاتی تاکە کەسی نزمە بەشێکی زۆری کرێکاری ئەو وڵاتە کوچ دەکات بۆ وڵاتێکی دیکەی(ئەورپی) یاخود وڵاتانی (کەنداوی عەرەبی) بەمەبەستی کارکردن و دابین کردنی بژێوی ژیان بەڵام لە وڵاتان کرێکاری بیانی بەپێی چەندین رێوشوێنی یاسایی و ماف ئەرکەکانی پارێزراوە ئەگەر سەرنج بدەین لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی بوونیان هەیە چەندین جاریش لە کەناڵەکانی راگەیاندن کێشەو داواکاری ئەو کرێکارانە دەخرێتەروو وەک نەدانی کرێ و مووچەیان لەلایەن خاوەن کارو خاوەن کۆمپانیا و پرۆژەکان ئەمەش جۆرێکە لە پێشێلکاری بەرامبەر مافی ئەو کرێکارانە هەروەها پێویستە هاتنی کرێکاری بیانی بۆکوردستان بەپێی رێوشوێنی یاسایی رێکبخرێت و پێویستە هەوڵبدرێت سنورێک بۆهاتنی کرێکاری بیانی و بەقاچاغی هاتنی کرێکاران دابنرێت، چونکە زۆر لەکرێکارە بیانییەکان بەشێوەی قاچاغ و فرتوفێل دەهێنرێنە کوردستان وەهاتنی کرێکاری بیانی کاریگەری خراپی هەیە لەرووی ئابووری و کومەڵایەتی و رەوشی ئاسایش و ئەمنییەوە وەک لەو خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:

١- هاتنی کرێکاری بیانی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بواری کارکردنی کرێکاری ناوەخۆیی (نیشتمانی) بەتایبەت کاتێک کرێکاری بیانی بەکرێیەکی کەمتر ئامادەی کارکردنیان هەیە ئەمەش جۆرێک لەبێکاری بۆ کرێکاری نیشتمانی دروستدەکات.

٢- هاتنی کرێکاری بیانی دەبێتە هۆی چوونە دەروەی بڕێکی زۆری سەرمایەی نیشتمانی (دراوی گران بەها) بۆ وڵاتێکی دیکە چونکە هەرکرێکارێک کە مووچە وکرێ وەدەگرێت پارەکەی بۆ وڵاتی خۆی رەوانەدەکاتەوە .

٣- هاتنی کرێکاری بیانی چەندین دیاردەی خراپی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە وەک دزی و شەڕو وەهەندێک لەو کرێکارانە پەنادەبەنە بەر سواڵکردن ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە هەندێک جار کرێکارە بیانییەکان سواڵدەکەن.

٤- بوونی کرێکاری بیانی کاریگەری خراپ دەکاتە سەر رەوشی ئاسایش، چونکە ئەو کرێکارانە کە لە وڵاتێکی دیکە هاتوونە تیایدا هەیە کەسێکی توندرەوی ئیسلامییە بەمانەوە و وەتێپەڕبونی کات رەنگە بتوانێ تۆرێکی تیرۆرستی دروست بکات زۆرجاریش لە وڵاتانی ئەورپا کردەوە تیرۆرستییەکان لەلایەن کرێکارە بیانییەکان ئەنجامدەدرێت کە لە وڵاتێکی دیکە چووینە ئەورپا.

٥- لەرووی تەندروستییەوە هەندێ لە کرێکارە بیانییەکان ئالوودەی مادەی بێهۆشکەرو(مخدرات) نەخوشی و هەڵگری ڤایرۆسن دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی مادەی بێهۆشکەرو بڵاوبوونەوەی نەخوشیەکان وەک (ئایدز)

ئەوەی مەبەستمە لەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکەین کاریگەری خراپی هاتنی کرێکاری بیانییەبۆ کوردستان بەتایبەتی دەبێتە هۆی بردنە دەرەوەی(بڕێکی زۆری سەرمایەی نیشتمانی) و(دروست بوونی بێ کاری بۆکرێکاری ناوەخۆیی و نیشتمانی) ئەمەش لەرووی ئابوریەوە زیانێکی گەورەیە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت هەروەها رەوشی ئابووری کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستیمان بەهاتنی کرێکاری بیانی هەبێ، بەڵکو پێویستە هانی هاوڵاتییانی خۆمان بدەین لەکەسێکی بەکاربەری بێ بەرهەم بکرێنە کەسی بەرهەمهێن و مەرج لەسەر کومپانیاکان دابنرێت کە پێویستە کرێکاری نیشتمانی لە پرۆژەکان کاریان پێ بکرێت ئەمەش وا دەکات بواری کارکردن زیاتر بۆ کرێکاری خۆمان (نیشتمانی) (بەرخسێت) هەروەها سەرمایەی نیشتمانیمان نەچێتە دەرەوە و بێکاریش کەمتربێتەوە.

*** سکرتێری سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان**

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٥ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

وشکەساڵی هەڕەشە لە سروشتی شەقڵاوە دەکات

بەڕێوەبەری هۆبەی ئاودێری شەقڵاوە:

تا ئێستا ٤٠٪ی باخچەکانی شەقڵاوە ئاو نەدراون

شەقڵاوە هاوینە هەواری ئارام بەخشە، بەهۆی سێبەری بەژن و باڵای چیای سەفین و زنارەکانی سۆرک، ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیەو باخچەکانی شەقڵاوەش جۆرە جوانییەکی دیکەیان بە شوێنەکە بەخشیووە، وێڕایی ئەمەش ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵی بەشێکی زۆری باخچەکانی شەقڵاوە مەترسی وشکبوونییان هەیە، گۆڤاری «هەرێمی کوردستان» بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی بابەتەکە لەم دیانەیەیدا (ئازاد حەسەن)ی بەڕێوەبەری هۆبەی ئاودێری شەقڵاوە دەدوێنێت.

دیانە: نزار گزالی- شەقڵاوە

*** سەرەتا دەربارەی کانییاوەکانی شەقڵاوە گوتی:**

- شەقڵاوە (٧) کانیاوی سەرەکی هەبوو، کەچی لەمساڵدا (٥)یان وشکبوونەو دووەکانی دیکەش ئاویان زۆر کەمبووە، کانیاوە دیارەکانیش بریتین لە کانیاوی مزگەوتی گەورەو جووت بەلووعەو دەنگارە کە وشکبوونە بەیەکجارەکی، کانیاوی شێخ سەیدیش یەک ئینج ئاوی ماوە، پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٦ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

چەند کانیاوێکی بچووکیش هەبوون، کە من ئاماژەم پێنەداون، بەڵام ئەوانیش وشکیان کردووە.

*** دەکرێ بزانین شەقڵاوە چەند باخچەی هەیە؟**

- شەقڵاوە (٦٣٠) باخچەی هەیە.

*** چەندیان ئاو دراون؟**

- سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین، کە ئەو ئاودانەی کە کراوە، وەکو پێویست نەبووە، بەڵام تەنها لە وشکبوون رزگار کراون، چونکە (٣) بیری ئاو بەشی (٦٣٠) باخچە ناکات و تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٪ی باخچەکانی شەقڵاوە ئاو نەدراون، ئەمانە جگە لەو باخچانەی کە هەر ئاویان ناگاتێ مەبەستم ئەو باخچانەیە کە ئاوی بیرەکانیان ناگاتێ.

*** ئالیەتی ئاودانەکە چۆن بەڕێوەچووە؟**

- ئێمە لە شەقڵاوە سێ بیری ئاودێریمان هەبووە، کە ئەم بیرانە رۆژانە بە بەردەوام بۆ ماوەی (١٠) کاتژمێر (١٢) ئینج ئاو دەدەنە باخچەکانی شەقڵاوە، هەروەها شەقڵاوە بە درێژی (٣٦)کم جۆگەی هەبوو، کە ئاو دەگەیننە باخچەکان، هەر لە سەرەتای ئەمساڵ ئەم جۆگانەمان پاککردنەوە، دەربارەی دابەشکردنیشی ئێمە سەرەمان داناوە، میراومان داناوە خشتەی دابەشکردنەکە رێکدەخات و بەپێی رووبەری باخچەکە بە کاتژمێر ئاو بۆ باخچەکان دیار دەکرێت.

*** ئەی چارەسەر چییە؟**

- من لە زۆرینەی لایەنە پەیوەندارەکانم داوا کردووە، کە پێویستە رۆژانە یەک ملیۆن لیتر ئاو بۆ شەقڵاوەو دەوروبەری دابین بکرێت، هەرچەندە ئەگەر ئەم کارەش بکرێت ئەوە درەنگە، کات بەسەر چووە، بەڵام تا ئێستا کەس بەدەنگمانەوە نەهاتووە، من دەپرسم ئەو ئاوە کەی دابین دەکرێت، کە وشکبوون، کە کار لەکار ترازا چ دەکەین بۆیە من دەڵێم پێویستە بەزووترین کات لەڕێگەی تەنکەر ئەو کارە ئەنجامبدرێت .

*** ئەو لایەنە پەیوەندارانە کێن کە ئێوە ئاگادارتان کردوونەوەتەوە؟**

- ئێمە زانیارییمان لەسەر زیانەکانی وشکەساڵی و مەترسی وشکەساڵی لەسەر شەقڵاوەو دەروروبەری کۆکردەوەو دامانە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر، چونکە شەقڵاوە پێنج ناحیەو سەدان گوندی بەسەرەوەیە. ئیدی گوند بە گوند زانیاریمان کۆکردەوە، زانیارییەکان وەکو ئاماژەم پێدا، کرایە داواکاری و داومانە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر، لەوێش وەکو ئەوەی بەر گوێمان کەوتووە دراوەتە پارێزگا، وێڕای ئەوانەش کۆبوونەوەمان دەربارەی گرفتەکانی ئاودێری شەقڵاوە لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان کردووە، کەچی تا ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە.

نەهرۆ عوسمان

ئەمڕۆی کرێچێتی

لەگەڵ فراوانبوونی گەشەکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و زیادبوونی مرۆڤ لە زەویدا بەجۆرێک چەندین شارو شارۆچکە گیرۆدەی گرفتی نیشتەجێبوون بوونە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەکی یەکجار زۆرە لەهەوڵی ئەوەدایە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات ، بەڵام تاوەکو ئێستا نەک چارەسەری نەکردووە، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ قەیرانی نیشتەجێبوون لەزیادبووندایە بۆیە دەبینین کرێی خانوو رۆژ لەدوای رۆژ دەچێتە سەرو بۆتە گرفتێکی سەرەکی ئەمڕۆی ژیان هاوولاتیان و گرفتی هاوسەرگیری کە دەبینین رۆژانە شار روو لەگەورەبوون دەکاو خانووەکانی زیاتر دەبێت کەچی کێشەی کرێچی وەک خۆیەتی و بەڵکو خراپترە، بەڵام تاوەکو ئێستا کرێچییەکانی کوردستان لە ئاست مافەکانی خۆیان بێدەنگن خاوەن خانووەکانیش بەکەیفی خۆیان یاری بەکرێی خانووەکانیان دەکەن و لەم ناوە کرێچییە بێدەرامەتەکانیش بوونەتە خۆراکێکی بەردەوامی خاوەن خانووەکان بۆیە چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاسان نییە، بەڵکو یەکێکە لەهەرە گرفتەکانی ئەم سەردەمە بۆیە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پیلانێکی تۆکمەو بوێرانەی دەوێ تاوەکو سەرکەوتوو بین لەنەهێشتنی قەیرانی نیشتەجێبوون.

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٧ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

پرسەنامە

لەدڵەوە هاوخەمی خۆم بۆ هاوکارمان غەریب ئەحمەد رەئوف کە لە پەیوەندییەکانی وەزارەت دەردەبڕم بەبۆنەی کۆچی ناوداری باوکی کە کەسایەتی ناوداری شارباژێر بوو لە کارەساتی ئۆتۆمبێل بوو بەقوربانی و داوای سەلامەتی بۆ دایکی بەڕێزی دەکەین کە هەرچی زوو چاکبێتەوە، هیوامان وایە کە خودا دڵنەواییان بداتەوە،

انالله وانالله راجعون

فەلەکەدین کاکەیی
وەزیری رۆشنبیری

کێ لەو قەسابخانە بێ سەروبەرە بەرپرسیارە؟!

لەو چەند رۆژەی رابردوو سەردانێکی شاری کەرکووکم کرد، کە گەیشتمە گوندی گردەڕەشە بینیم قەسابێکی زۆر خەریکی سەربڕینی مەڕومالات بوون بۆ ئەوەی لەو دوورە شارە بەخەڵکی سڤیلی بفرۆشنەوە لەکاتێکدا ئەو شێوازە هیچ سیمایەکی شارستانی و تەندروستی پێوە دیارنییەو جۆرە سەرپێچییەکی ئاشکرایە کە بەرامبەر هاوولاتیان دەکرێ، دیاربوو هەندێ لە قەسابەکان بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژاردبوو تا خۆیان لە چاودێری تەندروستی بشارنەوە، خەڵکەکەش بۆیە رویان لەو بازاڕە بێ سەروبەرو چۆڵەوانییە کردووە، چونکە نرخی گۆشتەکە لەگەڵ نرخی گۆشتی بازاڕ جیاوازییەکی زۆری هەیە، بۆیە هەقوایە سنوورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێت، چونکە ئەو گۆشتە بەشێوەیەکی زۆر خراپ دەفرۆشرێتەوەو هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانییە ؟!

ئا:وێنە: شێرزاد هەورامی

چاوی کامیرا

لەم وێنەیەدا باڵەخانە دێرینەکەی ئیعاشەی هەولێر دەکەوێتە بەرچاو کە ساڵانێکی دوور و درێژە بیناکراوە و مێژوویەکی دوور و درێژیشی لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا هەیە بۆیە بەپێی کۆنیەکەیەوە هەقوایە ببێتە جێگایەکی شوێنەواریی، ئەوەی جێگای داخە ئەو شوێنە خەریکە لەناو دەچێ.

ئا: وێنە: فازڵ فەرامۆش

هەستکردن بە مەسئولیەت

سەیفەدین پیربال

هەر تاکێک لە ئێمە چەند هەستێکی هەیە وەکو هەستی بۆنکردن و تامکردن و بیستن .... هتد و هەستێکی زۆر گرنگ هەیە کە رەنگە تا ئێستا باسمان نەکردبێ ئەویش هەستکردن بە مەسئولیەت ئەو هەستە مەرج نییە لێپرساوەتیت هەبێت واتە بەرپرس بیت لە شوێنێک یا لە حزبێک ئێمەش وەکو هاوولاتی بەرپرسین لە هەموو ئەو شتانەی کە رۆژانە لە کوردستان دەکرێت زۆر جار گوێمان لە وشەی مەسئول دەبێت مەسئول واتە خزمەتکاری میللەت و وڵات، بەڵام بە داخەوە لای هەندێ مەسئول بە پێچەوانەیە، بەڵام من دەڵێم نەک مەسئول ئێمەش خزمەتکاری میللەت و خاکمانین جا لێرەدا هەستکردن بە مەسئولیەت ئەرکێکی پیرۆزە دەبێت هەر تاکێک لە ئێمە پەیڕەوی بکات. ئەگەر بگەڕێینەوە ناو داموودەزگا حکومییەکان لەوێدا ئەو هەستە بە زەقی دەبینرێت ئەگەر هەبێت یان نا ئەگەر فەرمانبەرێک وەرگرین بۆ نموونە دەبینین حکومەت هەر پێداویستییەکی بۆ دابینکردووە بگرە مووچەیەکی باشیش هەیە، بەڵام ئایا هەستی مەسئولیەتی هەیە ئەوە دەگەڕێتەوە لای خۆی یا پۆلیسێک و لەهەمانکاتدا پێشمەرگەیەکیش چونکە ئەگەر خوانەخواستا ئەو هەستە لە ناو چوو وەیا نەما زیانێکی گەورەمان پێدەگات ئەویش لە دەستدانی خاک و میللەتەکەمانە کە ساڵەهای ساڵە هەوڵی بۆ دەدەین و قوربانیمان بۆ داوە و دەریایەک خوێنمان بۆ رشتووە جا لێرەدا هەتا زووە بگەڕێتەوە مەنتیقی عەقڵ، ئەو هەستە پیرۆزە لە ناو دڵ و دەروونی خۆمان زیاد بکەین و هەمیشە ببین بە پێشمەرگەیەک لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری کردن لە خاک و میللەت و وڵاتمان.

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٨ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

بەدواداچوون- ناوخۆ

لە شەقڵاوە نۆژەنکردنەوەی بازاڕ لەگەرمەی وەرزی گەشتیاریدا داهاتی کاسبکاران کەمدەکات!؟

لەناوەندی مانگی (٦)ی ٢٠٠٨ دەستکراوە بەنۆژەنکردنەوەی بازاڕی شەقڵاوە بەمەبەستی گۆڕینی سیماکانی بۆ بازاڕێکی هاوچەرخ و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەم نۆژەنکردنەوەیەش هاوکاتە لەگەڵ وەرزی گەشتوگوزاری و نیگەرانی لای کاسبکارانی شەقڵاوە دروستکردووە، قائیمقامی شەقڵاوەش دەڵێت: (هۆکارەکە بۆ دواکەوتنی میزانییە دەگەڕێتەوە) شارۆچکەی شەقڵاوە یەکێکە لە هاوینەهەوارە هەرە خۆشەکانی کوردستان و سەر بە پارێزگای هەولێرەو بەدووری (٥٠)کم کەوتۆتە باکوری رۆژهەڵاتی هەولێرو زۆربەی دانیشتوەکانی لەهۆزی خۆشاون و پێکهاتەی دانیشتوانی موسڵمان و مەسیحییە، شەقڵاوە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافی و سروشتی رەنگینی و دیمەنە سیحراوی ئامێزەکانی ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لەکوردستان و دەرەوەی کوردستانش رووی تێدەکەن ، لەڕووی ئابوورییەوە، بزاڤی گەشتیاری سەرچاوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کاسبکاری شەقڵاوەیەو خەڵک و کەرتی تایبەت زیاتر بایەخیان بەلایەنی گەشتیاری داوە، وێڕای ئەوەش پارسالّ گەشتیارە عەرەبەکان رێگەیان پێنەدراوە بێنە کوردستان و لە وەرزی گەشتیاری ئەمساڵیشدا وەکو چاوەڕوان دەکرا حکومەت ئەم دۆخە چارەسەر بکات و خاوەن کارەکانی شەقڵاوە بتوانن قەرەبووی زیانەکانی پارسالّیش بکەنەوە، کەچی وێڕای بەردەوامی رێگەنەدان بەگەشتیاری عەرەب کەهیچ گەشتیارێک بەبێ (دەستەبەر) کەفیل بۆی نییە ، بێتە کوردستان ، پرۆژەی نۆژەنکردنەوەو جوانکاری بازاڕی شەقڵاوە دەستی پێکردووەو خاوەن دوکانەکانی بازاڕیش هەست بەنیگەرانی و بێزاری دەکەن: (ئەم پرۆژەیە زیاتر لە ٥٠٠ خێزانی شەقڵاوەو دەرەوەی شەقڵاوەی زەرەرمەند کرد) ئەوە دەستپێکی قسەکانی (دلێر ئەسعەد) بوو، دلێر خاوەنی دوکانی چەرەزاتە لەبازاڕگەی ناسری شەقڵاوەو دەڵێت: لەکۆی ١٢ مانگ خەڵکی شەقڵاوە تەنها چوار مانگ دەتوانن کارێک بۆ خۆیان بکەن، ئەم چوار مانگەش لەسەرەتای مانگی ٦ تا کۆتایی مانگی (٩)یە، کە بەوەرزی گەشتیاری ناو دەبرێت، کەچی ئەوساڵ پرۆژەی جوانکاری و نۆژەنکردنەوەی بازاڕ لەسەرەتای مانگی (٦) دەستیپێکرد ، ئەم پرۆژەیە بەرنامەی خەڵکی کاسبکاری شەقڵاوەی پەکخست و ساڵێکی تەمەنی ئەو خەڵکەی بەفیڕۆدا، ئیدی تێکچوونی بازاڕی شەقڵاوە تەنها کاری نەکردۆتە سەر دانیشتووانی شەقڵاوە، بەڵکو بەشێکی زۆری گوندنشینەکانی دەوروبەری شەقڵاوەشی زەرەرمەند کردووە، چونکە گوندنشینەکانی شەقڵاوە بەروبوومە خۆماڵی و سروشتییەکانییان لەبازاڕی شەقڵاوە ساغ دەکەنەوە، بەڵام ئەوساڵ ئەوانیش ناتوانن سوودمەند بن، ئەوەش لەو کاتەدایە کە دوای وەرزی گەشتیاری شەقڵاوە چاوەڕوانی سەرماوسۆڵی زستان و گرانی نەوت و شتومەک دەکات. دلێر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوەش دەدات کە گوایە لە مانگی (٩) رەنگە ئەم پرۆژەیە تەواو بێت و دەڵێت: (گرمان لە مانگی (٩) پرۆژەکە بە کۆتاهات ، بەڵام ئەمە هیچ سوودی نییە، چونکە ئەوساڵ مانگی رەمەزان دەکەوێتە سەرەتای مانگی ٩) زیرەک سدیق دەڵێت: (سەردانی قائیمقامییەت و شارەوانی و لێژنەی ناوچەی شەقڵاوەمان کردو داوامان کرد پرۆژەکە دوابخرێت بۆ مانگی (٣)ی ساڵی داهاتوو، چونکە ئەوکات هەم بۆ کارکردن لە پرۆژەو هەم بۆ خاوەن دوکانەکانی شەقڵاوەش کاتەکە لەبارە، بەڵام کەس بەدەنگمانەوە نەهات)

زیرەک لە ساردەمەنی شاز کاردەکات و دەربارەی کارەکەی خۆشی دەڵێت: (کارەکەی ئێمەش لاواز بووەو نەکارەبا کارەباییەو نەئاو ئاوە بازاڕ چۆڵی پێوەدیارە، تەنانەت وایلێهاتووە مرۆڤ دوکانەکەی دابخات، لەلایەکی دیکەوە دەڵێت: پرۆژەکە لەماوەی (٣) مانگ تەواو دەبێت کەچی ئەوە مانگێک تێپەڕبووە تا ئێستا مەجراکە تەواو نەبووە ئیدی وابڕوات ساڵێکی دیکەش دەخایەنێت)

ئەحمەد ساڵح خاوەنی باخچەی کریکۆر هێما بۆ ئەوە دەکات کە کاسبی و لایەنی گەشتوگوزاری شەقڵاوە بەندە بەهاتنی گەشتیاری عەرەب دەڵێت: (کاتێک کە گەشتیاری عەرەب دێتە شەقڵاوە ئەوە شێوازی کارکردنەکە لەشێوەی زنجیرە دەبێت کاتێک کە کەپر دەگرێت دەڕواتە چێشتخانەو گازینۆ هەروەها نانیش دەکڕێت و دەچێتە دوکانی سەوزەوات و ساردەمەنی و چەرەس فرۆش و تا... ئیدی کا رێگە بەعەرەبەکان نادرێت، بازاڕی شەقڵاوە پشت بەگەشتیاری ناو کوردستان دەبەستێت بەتایبەتی ئەو هەولێرییانەی کە پێنج شەممەو هەینیان دێن، بەڵام ئەوساڵ بەهۆی نۆژەنکردنەوەو جوانکردنی بازاڕ هەولێرییەکانیش نایەن ، بۆیە دەتوانم بڵێم لە شەقڵاوە بێکارییە) قائیمقامی قەزای شەقڵاوە (دلاوەر ئۆمەر) لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری «هەرێمی کوردستان» روونیکردەوە کە ئەوان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم دۆخەن و دەزانن کە خەڵکی شەقڵاوە تا رادەیەک زەرەرمەندبوونەو گوتی: (ئەوەی راستی بێت پارسالّ ئەم پرۆژەیە بۆ بازاڕی شەقڵاوە دەرچوو و پارەی تەواوی بۆ دابینکرابوو و بڕیار بوو جێبەجێبکرێت، بەڵام لەسەر داواکاری خەڵکەکەو بەهۆی ئەوەی کە زانیمان دەکەوێتە وەرزی گەشتیاری بڕیارماندا ئەو پارەیە لە هەندێک کاری دیکەی خزمەتگوزاری سەرف بکەین، جەنابی پارێزگاریش رەزامەندی لەسەر نیشانداو پرۆژەی جوانکارییەش دواخرا بۆ ئەوساڵ و وابڕیاربوو لەمانگی (٤) جێبەجێبکرێت، ئیدی هەموو کشوفاتەکان ئەنجامدرابوون، تەنها ئەوە مابوو بەڵێندەر جێبەجێبکات، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی میزانییە کە ئەوساڵ میزانییە نزیکەی مانگی (٦) گەیشتە کوردستان، هیچ بەڵێندەرێک ئامادەنەبوو بەر لەهاتنی میزانییە پرۆژەکە جێبەجێ بکات، بۆیە دواکەوت و گەیشتە مانگی ٦). هەروەها قائیمقامی شەقڵاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان بەهەموو شێوەیەک لەهەوڵی ئەوەدان پرۆژەکە بەخێرایی بڕوات و دەڵێت:(وێڕای ئەوەی چەند لایەنێکی پرۆژەکە دراوە بەبەڵێندەر، بەڵام حکومەت هەندێک لایەنی پرۆژەکە جێبەجێدەکات وەکو تۆڕی ئاو و ژێرخاک کردنی کارەبا).

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٩ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM

هەق و بەق

ئەگەر حاڵ وابڕوات، وەزارەتی کارەبا بەپارەیەکی باش لەبری موولیدە ئەهلییەکان کارەبامان پێدەفرۆشێت!!

عەزیز هەریری

پێمـوایە هەمـوو ئەو بەڕێزانەی ئەمـڕۆ لەئەڵقـە باڵاو سـەرەکییـەکانی پێکهـاتەی حکومـەتدا کاردەکـەن و بەرپرسن، هەروەها بەشی هەرە زۆری ئەوکارمەندانەیش، کـە لە پلەو پۆسـتی وەزیفییـەوە لەخـوار ئەوانەوەن و، دەسـەڵاتی جـێبـەجی کـردنیـیـان پێـدراوەو کـاریان پێسپێردراوەو دەسپێردرێت، ئەوا بێشک ئەو راستییە دەزانن و درکیشی پێدەکەن کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیـادا،لەو دەزگـاو دامـەزراوانەی سـەر بەحکومـەت و دەسەڵاتەوەن، هەموو ئەو دەزگاو لایەنانەی بەئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکانەوە پەیوەنددارن، لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیەی کە سەرۆکی حکومەتی وڵاتەکە لەیەکەم رۆژی سوێندخواردن و دەست بەکاربوونی کابینەکەیدا بۆ ئەنجـامـدانی ئەو کـارانەی لەپێناو خـزشگوزەرانی و بەختـەوەربوونی هاووڵاتییـانی وڵاتەکەی دایڕشـتـوون، کـارەکـانیـان بەشـێـوەیەکی زانسـتـانەو واقـیـعـبـینانەو سەردەمیانە بەرنامەڕێژ دەکەن و ،بەبەردەوامییش لەلایەن ئەو ئەڵقـانەی ئەرکی بەدواداچوونیـان لەئەسـتـۆدایە پێـداچوونەوە بەیەکـە یەکـەی خـاڵ و بڕگـەی بەرنامـەی کارەکانیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن تا چەند پلانەکانیان لەبوارە خزمەتگوزارییەکانەوە ئامانجی خۆیان پێکاوەو تیـایدا سـەرکـەوتوو بوونە،ئەمـە جگە لەو کـارو پڕۆژە هەمـەلایەن و سـتـراتیـژییـانەی لەبواری وەبەرهێنانی پیـشـەسـازی و ئابووری بۆ مـەودای دوور دادەڕێژرێن، بەمـەبەسـتی ئەوەی بکارێن ژێرخـانـی ئابووریی وڵاتەکـانیـان ببـوژێننەوەو خـۆش گـوزەرانیش بۆ هاووڵاتییانیان بەدی بهێنن.

بێگومان هەمووانیش ئەو هەقیقەتەمان لەبەر چاوە، کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی هەر چەند سـاڵ جـارێک پڕۆسـەی هەڵبژاردن تیایاندا بەڕێوە دەچێت، ئەو کاندیدەی بەنیازە دەسـەڵاتی وڵاتەکەی بگرێتە دەست، لەبەرنامەی کاری هەڵبـژاردنەکـەیدا چەندین خـاڵی هەمـەجـۆری پەیوەست بەبواری ئابووری و خزمەتگوزارییـەوە ریزبەند دەکات و بڵاویشیان دەکاتەوە، وەک: (کارکردن بۆ کەمکردنەوەی باجی سـەر هاووڵاتییـان و دابینکردنی خزمـەتگوزاریی تەندورستی و ئاوو کارەبا و رەخساندنی بواری خوێندن و فـێـربوون و، کـردنەوەی پڕۆژەو کـارگـەی هەمـەجـۆری بەرهەمـهێنان و زێدەکردنی بواری کـارکردن بۆ خـەڵکی بێکاری وڵاتەکەی و، هەوڵدان بۆ باشـترکـردنی ژیان و گوزەرانی کەسانی کەم دەرامەت و زۆر شتی دیکەیش) کە هەر هەمووی ئەگەر وەکو پێویست جێبەجێ بکرێن، بێشک دیارە دەبنەی مـایەی بەرەوپێشـچوونی وڵات و خۆشگوزەران بوونی هاووڵاتییان. لەلایەکی دیکەیشەوە بوونی ئەو بەرنامـەیە وەنەبێ هەر شـتێکی هاکـەزایی و نووسـراو بێت و بەس، بەڵکو دوای ئەوەی دەکـەوێتـە واری کـارپێکردنەوە بەبەردەوامی لەلایەن پەرلەمـان و دەزگـا پەیوەندداردکـانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکـرێت و ،تەنانەت ئەو کـاندێدکـراوەیش کـەدەسـەڵاتی دەکـەوێتـەدەست ئەگەر وەکـو پێـویست بەڵێنەکـانی بەر لەهەڵبـژاردن دابوونی بەدی نەهێنێت، ئەوا زۆر جـاران کـار دەگـاتە ئەو ئاسـتـەی کـە دەبێ دەست لەکـار بکێـشـێـتـەوە، دیارە ئەم حـاڵەتەیش هەر تەنیـا کـەسی یەکـەمی دەسـەڵاتدار ناگـرێتـەوە، بەڵکو ئەسـتـۆی ئەو وەزیرو گـزیرانەیش دەگـرێتـەوە، کـە نەیان توانیـووە ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست جێبەجێ بکەن و، ئەو وەعدو بەڵێنانەی داویانن بەدیان بهێنن.

لەکوردسـتانی خـۆیشـمـاندا وەکو هەمـووان ئاگـادارین حکومـەت بەرنامـەی کـاری خـۆی هەبووە ،دیارە لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامـەیەشدا دەبێ تەواوی وەزارەتەکان بەرنامەو پلانی کـاری خۆیانیـان دارشـتبێت، بۆ ئەوەی هەر یەکەو لەبواری کاری رۆژانەی خۆیدا بکارێت ئەوەی لەئەسـتـۆی دایە ئەنجامی بدات، چونکە ئەو دەزگـایەی کـارەکـانی خـۆی بەشـێـوەیەکی زانسـتـانە بەرنامـەڕێژ نەکردبێت،ئەوا بێگومـان تووشی کێـشـەو گرفـتی زۆر دەبێـتـەوە، من ناڵێم کـارو پڕۆژەی باش لەشـارو پارێزگاکانی کوردستاندا ئەنجام نەدراون،ناشڵێم پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کاریان بۆ نەکراوە ،نەخێر زۆر شتی باش کراوە، دەیەها پڕۆژەی خزمەتگوزاری لێرەو لەوێ کراونەتەوە ،خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگەو شارەکانی دیکەی عێراقی فیدراڵ بەراورد بکەین، ئەوا جـیـاوازیی نێـوان ئێـرەو ئەوێ وەکـو جـیـاوازیی ئەرزو ئاسمان وایە : بەڵام دیارە من وەکو کەسێکی ئاگادارو بەدواداچووی کاری داوودەزگاکانی هەندی وەزارەت ئەو راسـتـیـیـە هەست پێـدەکـەم، کـە پلانرێژی بۆ زوربەی کـارەکـان وەکـو پێـویسـت نـیـیـە ، زۆر جـاران شـارەزایان گوتوویانەو دەڵێن (کاری گرنگ هەیەو کاری گرنگتریش هەیە) ، هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا ئەوەی دووەمیان دیارە بۆ ژیانی خـەڵک و بۆ بووژانەوەی ژێرخـانـی وڵات لەوەی یەکەمیان لەپێشترو پێویستترە، بەڵام کە لەسەر ئەرزی واقـیـعـدا ئەوەی یەکـەمـیـان پێش ئەوەی دووەمـیـان دەکەوێت ئەوا بێشک سەلماندنی هەقیقەتێکە ،کە ئەویش نەبوونی پلانی راست و دروست و بەرنامەی زانسـتـانەو واقـیـعـبـینانەیە لەکاری رۆژانەی داوودەزگـاکـاندا،کـە پێویسـتـە لایەنی پەیوەنددار بەر لەهەر کەسـێکی دیکە درک بەو راسـتـییـە بکات و کاریش بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بکات، بۆ ئەوەی تەجاوزی ئەو هەڵە زەقە بکات، کە لەپلان و بەرنامەکەیدا روویداوە.

لێـرەدا دێمـە سەر هەقـیـقـەتێک، کە ئەویش پەیوەسـتـە بەزەروورەتی دابینکردنی وزەی کـارەبا بۆ هاووڵاتیـیـان لەکوردسـتاندا، دیارە پێشەکی منی هاووڵاتی نامەوێت لەپێنج و دوو رۆژێکداو لەو رەوشـە نـالەبـارەی ئەمـڕۆ لەعێراق بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی لە ئارادایە (بیست و چوار کاتژمێر) کارەبام هەبێت : بەڵام دەمەوێ وەزارەتی کـارەبا لەگـەڵمـدا راست گـۆبێت و هەر رۆژەو شـتـێـک بەگـوێی من و هەمـوو دانیـشـتـوانی هەرێمی کـوردسـتـاندا نەچرپێنێت، خـۆ دڵنیـام هەمـووان ئەو هەواڵەمان لەبیرە کە هەفتەنامەی (رووداو) ی ئازیز لـەلاپـەڕەی (١)ی ژمـــــــــــارە (٣) ی رۆژی (٢٠٠٨/٤/٢١) دا مـانشـێـتـێکی سـەرنج راکێش و گەورەی لەقسەیەکی بەڕێز (دڵشاد محەمەد، راوێژکاری وەزارەتی کارەبا) سازکردبوو، کە پێکهاتەکەی ئەمەبوو (ئەم هاوینە ٢٠ کاتژمێر کارەبا دەدەینە هاووڵاتییان)، ناوەرۆکـەکـەیشی لەلاپەڕەی (٣) دا بڵاوکـردبووەوە، ئەوەبوو ئەوسا من هەر لەم گۆشەیەو لەم گۆڤارە ئازیزەدا بەم ناونیشـانە ئەڵقەیەکم نووسی و گـوتم : (خوابکا راست بێت: ئەم هاوینە چارەسەری کێشەی کارەبامان بۆ بکرێت!!) کـە نەکـرا! جگە لەوەی چەندین جـاری دیکەیش لەم رۆژنامەو لەو گۆڤاردا لەسـەر زاری لایەنە پەیوەنددارەکانی وەزارەتی کارەباوە باس لەو کراوە کە ئەم مانگە نا ئەو مانگە کـارەبا چاک دەبێت، هەڵبـەتە ئەوەش هەر نەبووە، ئینجـا لەوەیش سـەیرو سـەمـەرەتر ئەوەیە خـودی وەزیری کـارەبا لە (بەشی سـێـیـەم و کـۆتایی) ئەو دیدارەی لە ژمـارە: (٤٥١) ی رۆژی (٢٠٠٨/٤/٢٤)ی هەفتەنامەی هاووڵاتی، کە لەگەڵ بەڕێزیاندا ئەنجـامـدراوە دەفـەرمـوێ : (ئەو پارەیەی هاووڵاتیـیـان دەیدەنە مولیدەی ئەهلی بیدەنە وەزارەتی کـارەبا ٢٤ کـاتژمـێـر کـارەبایان دەدەینێ) ئەمـە لەکاتێکدایە کەحکومەت و وەزارەتی کارەبا لەسەریانە کارئاسانی بۆ دەستەبەرکردنی کارە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتیش کارەبا بۆ هاووڵاتییان بکەن، چونکە ژیان و بژێویی زوربەی زۆری هاووڵاتییانی کوردستان لەبارێکی سەخت و نالەباردایە، کەچی وەزارەتی کارەبا لەبەردایە بەزێدەکردنی پارەی کارەبا باریان گرانترو گوزەرانیشیان سەختتر بکات، بەهەرحاڵ من نازانم کە وەزیری کارەبا ئەو شـتە نهێنییـەو ئەو پلانە زانسـتـییـەی سەرەوەی لەخـەیاڵدابوو ،ئەی بۆ تا ئێـسـتـا لەوهەمـوو دیدارو چاوپێکەوتنانەی لەگـەڵ بەڕێزیاندا ئەنجـامـدراون نەیدرکاندووە، تاوەکو ئێمەمانانیش بیرێکی قوڵی وەکو بیـری شـارەزاو پسـپـۆڕانی وەزارەتی کـارەبای لێ بکەینەوەو لەئەنجامدا بڵێین: (وەزارەتی کارەبا دەستتان خـۆش بۆ ئەوپلانەتان و، ئێـمـە بە هەرچیـیـەکی ئێـوە دەیفەرموون رازین)، چونکە ئەمڕۆ کارەبا لەسەرتاسەری جـیـهـاندا بۆتە شـتـێکی ژیاری و زەروری، تەنانەت خەریکە بڵێم : کـارەبایش وەکـو خـوێن وایە بۆ ژیانی ئادەمیزاد.

هەڵبەتە ئەوەی ئەمجارەیان گەرەکم بوو لەم گۆشەیەمدا بیـوروورژێنم ئەوەیە:پێـویسـتـە سـەرۆکایەتیی حکومـەتی هەرێمی کوردستان جەخت لە وەزارەتەکانی بکاتەوە، کە دەبێ بایەخێکی باشـتـر بەبواری پلاندانان بدەن و، ئەو پڕۆژانەیش کە زێتر خزمەتی هاووڵاتییان دەکەن زووتر بەئەنجام بگەیەندرێن، بەتایبەتیش (کارەبا) کە ئەمڕۆ بوون و نەبوونی بۆتە وێردو بنێشـتـە خۆشەی سەر زاری هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە.

aziz.hareri@yahoo.com

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٠ / ٢/٩/٠٨ / 2:02 AM